# خۆزیا باوکم ئەم شیعرانەی بدیایە!

# خۆزیا باوکم ئەم شیعرانەی بدیایە!

## هەڵۆ شێرکۆ بێکەس

پۆستەرە شیعر

کوردستان - ٢٠٢١

هەڵبژاردنی کۆمەڵێ پۆستەرە شیعری ناو ئەم دیوانە بۆ گۆڤاری (هایکوی جیهان)
ژمارە ١٧- نیسانی ٢٠٢١، گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕەخنەییە،
دەزگای هایکوی جیهانیی لە ژاپۆن دەری دەکات.

خۆزیا باوکم ئەم شیعرانەی بدیایە!

پۆستەرە شیعر - هەڵۆ شێرکۆ بێکەس

نووسەر: هەڵۆ شێرکۆ بێکەس
بابەت: پۆستەرە شیعر
پێشەکی: ملکۆ ئەحمەد
وەرگێڕان بۆ ئینگلیزیی: شیروان میرزا
دیزاینی بەرگ و ناوەوە، ئیلوسترەیشن: ڕاز کامەران
وێنەی سەر بەرگ: هەرێم سیوەیسی
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی(١٧١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

WORLD HAIKU ASSOCIATION

هەڵبژاردنی کۆمەڵێ پۆستەرە شیعری ناو ئەم دیوانە بۆ گۆڤاری (هایکوی جیهان)
ژمارە ١٧- نیسانی ٢٠٢١، گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕەخنەییە،
دەزگای هایکوی جیهانیی لە ژاپۆن دەری دەکات.

ئەم دیوانە لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپکراوە

بە پشتیوانی د.هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی، چاپکراوە.

پێشکەشە:

بە یادگارییەکانی دوێنێ...

بە ئەڤینداریی ئیمڕۆ...

بە خەونەکانیی سبەینێ...

هەڵۆ شێرکۆ بێکەس

- سەرەقەڵەمێك

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەخشانە شیعر لە ڕۆژهەڵات، لە کۆتایی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، بەخێرایی گۆڕانکاری لە قەبارە و فۆرمی دەقەکان هاتە کایەوە، ئەوکات پێیان دەوت (چامەی رستەی شیعریی) یان (بڵاچە) وەک ئاماژەیەک بۆ کورتیی و خێرایی دەقەکە، کە وەک بڵاچە دەردەکەوێ و تەواو ئەبێ، جگە لەم فۆرمە کورتە، شاعیرانی نوێ، جۆرێکی دیکەی دەقیان داهێنا، کە درێژ بوو، بەڵام ئەندازەی دەقەکە وەک دەقە درێژەکانی دیکە بەسەر یەکەوە نەدەنووسران، بەڵکو، دابەش دەکرا بەسەر کۆپلەی بچووک بچووکدا، یان ژمارەی بۆ دادەنرا یان بە هێمایەک لێک جودایان دەکردەوە، یانیش تەنها بۆشاییەک دادەنرا لە نێوان ئەو کۆپلە لەدواییەکانەدا. هەروەها لەدوای وەرگێڕانی هایکوی ژاپۆنی بۆ سەر زمانەکانی تر، کرانەوەیەکی بەرچاو لە بنیاتی دەق هاتە پێش، لە رووی چڕکردنەوەی دەقی شیعریی یان گردکردنەوەی بیرۆکە و وێنەی شیعری لە قاڵبێکی بچووکی تازەدا.
دیارە پێش ئەوەی شاعیرانی ئینگلیز و ئەوروپاییش کاریگەر بن بە هایکو و تانکای ژاپۆنی، لەناو ئەدەبی ئەوروپاییدا فۆرمێک هەبوو پێیان دەوت (ئیپیگراما) کە دەقێکی کورت بووە پێش ئەوەی بچێتە جوگرافیای شیعرەوە، وەک وتەی نەستەق یان یادگاریی یان پیاهەڵدان و پەسن لەسەر کێلی گۆڕی مردووەکان هەڵدەکۆڵرا، تا دواتر شاعیران لەژێر کاریگەری ئەو فۆرمەدا چەندین دەقی شیعرییان نووسی، لەناو کوردیشدا شێرکۆ بێکەس وشەی (پۆستەرە شیعر)ی بۆ ئەو دەقانەی خۆی دانا، کە کورت و بچووک بوون.
هایکو یان تانکا، دوو فۆرمی شیعریی ژاپۆنین، بەڵام شاعیرانی ئەمریکا و رۆژئاوا زۆر سەرسام بوون پێیان، هەرچەندە لە سەرەتادا

شاعیرێکی وەک "ئەزرا پاوەند" بە تاک دێڕ و بە دوو دێڕ و زیاتریش دەقی دەنووسی، گوایە هایکو دەنووسێ، کەچی شاعیران و رەخنەگرانی دوای خۆی و، پاش ئاشنابوون بە ئەدەبی ژاپۆنی و شیعر بەتایبەت، جۆرەها یاسا و رێسایان بەسەر نووسەری هایکودا سەپاند، کە دیارترینیان: نووسینی هایکو بە سێ دێڕە

ئەگەر بێینە قۆناغی دوای دەرکەوتنی بڵاچەشیعر و پۆستەرەشیعر لە ئەدەبی کوردییدا، هەر ئەبێ بێینەوە سەر هایکو، چون هەرکات باس لە دەقی کورت و پوخت بکرێ، راستەوخۆ بیرمان دەچێت بۆ لای ئەم فۆرمە شیعرییەی کە زۆر نییە هاتووەتە ناو ئەدەبەکەمانەوە، کاک هەڵۆ بێکەسیش یەکێکە لەو شاعیرانەی دەیەوێ وەک کەسێکی خۆکردە و، لە رێگەی دەقەکانییەوە خۆی بە خوێنەر بناسێنێ، نەک لە رێگەی ناوی بنەماڵەی بێکەسەوە، هەر بۆیە نەچووە لەسەر قەڵای داهێنانەکانی باوک و باپیری راوەستێ و وەک میراتگری ئەو بەخششە هونەریی و ئەدەبییە خۆی بناسێنێ بە خوێنەر، بەڵکو دەیەوێ یەکەم هەنگاوی چوونەناو شیعر و یەکەم ئەزموونی خۆی بە دەستاوی داهێنەرانەی خۆی پێشکەش بە خوێنەرانی بکات.
ئەم بەرهەمە کە ناونیشانی (خۆزیا باوکم ئەم شیعرانەی بدیایە!) پەنجا و دوو دەقی لەخۆ گرتووە، بەگشتیی دەقی تاک وێنەن، زمانی شیعریی تیایاندا سادە و نائاڵۆزە و چڕ کراوەتەوە، نەخشەی هەموو دەقەکان لە یەکەوە نزیکن، لەگەڵ جیاوازیی لە کەرتکردنی رستە و راکێشانی دەق بەشێوەیەکی ستوونی لە هەندێ دەقدا، هەندێ دەقیش هەیە دەچێتە قاڵبی هایکوی مۆدێرنەوە، وەک:
«من بە تەنها هەر ئەو دەمانە بیری تۆ دەکەم کە هەناسە دەدەم!»

یان، ئەم دەقەی، کە سینۆگرافیایەکی داهێنەرانەی دروستکردووە، و کیگۆی راستەوخۆی لەخۆ گرتووە، هەروەها چڕیی دەق کە پێی دەوترێ شیبۆمی:

«ملپێچە گوڵگوڵیەکەت لە گەردن مەبەستە!
باخەکان بە خەیاڵی بەهارێکی شێتەوە
عاشقت دەبن!»

یان، ئەم دەقەی کە هایکویەکی سیاسییە و ووێنای نەهامەتی میللەتەکەی دەکات، بە بەکارهێنانی تەکنیکی ناڕوونی و دروستکردنی واقورمانێکی جوانەوە، خوێنەر شۆک دەکات:

لە سێ پارچەی نیشتماندا چاوەڕوانی،
لە چوارەمدا منداڵێك بۆ داهاتوو لە دایك دەبێ
بەڵام بە مردوویی!

ئەتوانین بڵێین دیوانەکەی هەڵۆ بێکەس دەقی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، بەڵام هەموو دەقی بچوکن و وێنەی کورت و خێرامان دەخەنە پێش چاو، ئەمەش زۆر گونجاوە بۆ سەردەمی خێرایی و تەکنەلۆجیا، ئێستا هەموو شتێک لە قەبارەدا بچووک بووەتەوە، هەموو رێگا دوورودرێژەکانیش نزیک و کورت، بۆیە دەبی شیعریش خۆی لە ڕووی قەبارە و تەکنیک و شیعرییەتەوە بگونجێنێ لەگەڵ دنیای شتە بچووکەکاندا.

ملکۆ ئەحمەد
هاوینی ٢٠٢١

باران شەرمیکرد، دیسانەوە؛
کوڵمەکانت تەڕ بکات
من ئەو فرمێسکانەم
خۆت نوسیوتم
لەسەر ڕوومەتەکانت
دوایی لەناو شەوی چاوەکانتا
تۆی دڵدار
منت بۆ هەمیشە
سپارد بە تاریکایی!



The rain shies away
from wetting your cheeks
I am those tears
streaming down your face
But in the depth of your eyes,
you lured me into
an everlasting darkness!



تۆ
زەردەیی ئێواران ئەدەیتە دەست
«نەورەسێکی سپیی» تا ئاخی ژانەکانی
من هەڵفڕێنیێ!
«نەورەس»یش ئەیداتە دەست
هەوریێ، تا لەناو ڕۆحی باراندا
دوو فرمێسکی چاوەشینەکانیی تۆ
بۆ من بهێنیێ!

You entrusted the dusk to a white seagull
It flies my painful sighs
to a cloud
that rains upon me
tears of your azure eyes!

چاوم بڕییە چاوی بەفر و
غەریبیم بوو بە زەردەی ئێواران
کە چوومە ناو چاوی شەویشەوە
خەونەکانم بوون بە وەرزی
ئەستێرە بڕان!
ئاکام کە چوومە ناو نیگایی ئەو هەورەوە
کە چاوە شینەکانی تۆ بوون
خۆم و خۆت
بووین بە دوو پەپوولەی عاشقی
ناو عاشقستان!

I stared into the eyes of the snow,
my loneliness turned into dusk

In the eyes of the night,
my dreams turned into a season
of starless skies

Inside the glances of your blue eyes,
we became two loving butterflies
in this wilderness of love!



سوودی پەنجەکانم چییە؟
گەر جوانترین شیعر بۆ
چاوەکانتی پێ نەنووسم!



I have no use for my fingers
but to write
the most beautiful poems with,
for your eyes!



Just like after savoring wine,
the chalice still has a lingering aroma,

similarly, in the autumn of my life,
all my memories are tinged with your scent

وەکوو چۆن دوای تەواوبوونی شەراب،
پەرداخەکە هەر بۆنی شەرابی لێدێ
هەروایش دوای پایان و خەزانی تەمەن،
خودی ژیانیش هەر بۆنی یادەوەرییەکانی تۆی لێدێ!



ڕووبارێك لە خەیاڵی ڕوون و ڕەوان
شەڕۆلانێك لە عیشق،
هاژەهاژێ لە جوانیی و
شنەشنی "با"یش لە قژی یار!

I am a river of pure imagination,
with ripples akin to her love,
a murmur like the music of her beauty
Her flowing hair is
the whisper of the breeze



ئەم چاوەم چاوەکەی ترم کوێر ئەکات
ئەم گوێم بە گوێکەی ترم ناکات
ئەم باڵم باڵەکەی ترم شەرمەزار ئەکات
دەستی ڕاستم دەستی چەپم بائەدات
ئەم قاچم داو بۆ قاچەکەی ترم ئەنێتەوە
کەچی هەموو پێکەوە
دەست لەسەر سنگ
بۆ دوژمنانم ئەنووشتێنەوە!

One of my eyes is blinding the other
One of my ears is not listening to the other
One of my wings is impeding the other
My right hand is bending my left
One of my legs is setting a trap for the other
And we, as a whole,
are submissively bowing to our enemy



پڕم لە ئاوابوون...
خۆم داوە بە تەنافی تەنیاییدا و
ڕوخسارم هەموو ڕۆژێ سەیری
ئاوێنەی شکاوی بەختی خۆی ئەکات!
چرکە وەڕسبوەکانی ڕەنگی ئێرەم بە
پاڵکەوتنەوە
ساتە بێزارییەکانی خۆی ئەخواتەوە!

My life teems with sunsets
I am taking refuge
in loneliness

I see my face
in the broken mirror
of my misfortune

Moments of boredom
recount a life of apathy

هەر بە دواتەوەیە و لێت نابێتەوە...
وەك شەوەی شەوێکی تاریك و نوتەکی بێ ئەستێرە
ئەلوورێنێ وەکو گورگی لمۆز بەرەو مانگ هەڵبڕیو
هەر بە دواتەوەیە و لێت نابێتەوە...
ئەحەپێ وەك ئەو سەگانەی کولانەکانیان ون کردوە
بە هێواشی وەك وێنەیەکی بێزار
لە چوارچێوەکەی خۆی دەرت ئەهێنێ
ئاخر هەر ئەخزێ وەکو ماسییەکی لووس لە دەستەکانت
هەر دوبادە و هەر دووبار ئەبێتەوە...
ژیانی ناکامی و تەنیایی تۆ!

It is pursuing you,
it won't let up
like a ghost of a pitch-dark starless night
howling like a wolf into the moonlit sky
barking like a stray dog
slowly
like a picture bored of its own frame,
elusive like a fish in bare hands-
pursuing you incessantly,
this anguish of your life!



لەم نیشتمانەی مندا...
هیواکان لە شەوەزەنگدا ئەڕزێ
لەناو بازنەی چڕە دووکەڵا
ئاگردانی چاوی گەنجان دائەپۆشێ
باڕووتی گڕ لە گیانا ئەڕوێ
چەك لەگەڵ مردندا ئەدوێ!



In my homeland,
hope fades away in the dark of the
night

Black billowing clouds,
rise from the ruins,
veiling the fire
in the eyes of the young

In my homeland,
gun powder feeds souls,
and bullets
have the last word

هەواڵەکانی سبەینێ
-دۆزینەوەی گۆڕێکی تری
بە کۆمەڵ لە بیابان
-کەش و هەوایەکی لماویی!
-خواحافیزیی پێشکەشکارێکی ساویلکە و
دەم بە پێکەنین کە نەك کتێب،
ڕۆژنامەش ناخوێنێتەوە
هەرگیز!

Tomorrow's forecast:
a new mass grave
and a sandstorm in the desert;
the naive broadcaster,
who never reads a book or a paper,
concluded laughingly!

تاماشام چوون هاڵاوی قاوەکە ئەڕوا...
هاڵاوی دوو قاوە، بە نەرمی
ئەڵقاوئەڵق بەرەو ژوور ئەڕۆن و لە قژم و قژتا،
ون ئەبن و نایەنەوە!
هیچ شوێنێك هێندەی ئێرە
پەپوولەی بیرەوەریی تیا کۆنەبووەتەوە
هیچ شوێنێك هێندەی ئێرە
جێگایی وەرینی یادگاری تیا نەبووەتەوە



My glances wander
akin to the steam of our coffee
ascending like rings,
until they dissipate in our hair

In no other place but here,
butterflies of our memories gather

In no other place but here,
do our memories fade away!





*بەرواری نووسینی ئەم پارچەیە ئەگەڕێتەوە بۆ ٢٨/ ٨/ ٢٠١٣، بەڵام پار لە کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر "تەڵعەت تاهیر"دا وێنەیەکی شیعرییم بەرچاو کەوت کە جۆرە لێکچونێکیان لەگەڵ ئەم وێنەیەدا هەبوو، دوو خەیاڵی شاعیرانە بۆ یەك بۆچوون و دەربڕینی هاوبەش، نازانم مێژووی نووسینی ئەو پارچەیەی ئەو بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ بەڵام نووسینی ئەم تێبینییەم بە پێویست زانی.

تاسەت ئەکەم وەك ئەوەی سبەی*ئاوابم
خۆشتم گەرەکە وەك ئەوەی هەمیشە هەر هەڵبێم
لە نێوانی هەڵهاتن و ئاوابووندا،
جارێکیتر ئاشقتربوونەوە هەستەکانم!

I miss you
As if tomorrow's was my last sunset
I love you
As if I was an everlasting sunrise
Between every sunrise and sunset
I am fallen in love again

ئەو داستانانە زۆر کەمن،
بەرد بەردی ئەو شاخ و داخانە داچڵەکێنن و
سەرسامیکەن...وەکو عەفرین!
ئەو شەهیدانە زۆر کەمن
چۆک بە دوژمنانیی تاریکیی دابدەن و
هەر بە خوێنی خۆیان دیواری مەرگ بڕوخێنن،
وەکو عەفرین!
ئەوە دەفتەری پێدەشتی خوێنینی شیعر و
ئەوە باڵایی بەرخۆدان و ئەوەیش قەڵەم!
دڵنیام ئەگەر "شێرکۆ" لێرەبایە،
قەسیدەیەکی کەڵەگەتی ئەنووسیی
بەقەدەر *ئاڤێستا خاپوور ئازا و
بەقەدەر عەفرین سەربڵند!

There is hardly a story
that agitates the rocks of a mountain
or leaves them in awe
like Afrin

A few martyrs
can bring the enemies to their knees
and with their blood
bring down the edifice of death
like Afrin

Here is a pen to write on a parchment
as vast as the arena of
wounded poetry
and immense resistance

Verily, if Sherko Bekas were alive
he would have written a towering epic
as brave as *Avesta Khapoor
and as proud as Afrin

---

❊ئاڤێستا خاپوور: ۱۹۹۸–۲۰۱۸ زەلووخ حەمۆ ناسراوە بە ئاڤێستا خاپوور، ژنە شەڕڤانی ئازای کورد، لە ۲۸/۱/۲۰۱۸ لە ناوچەی حەمای سەر بە ناحیەی جندرێسی عەفرین لە دژی تانکێکی سوپای توورک چالاکیی فیدایی ئەنجامدا و لە ئاکامدا بە دەستی ڕژێمی داگیرکەری توورکیا شەهید کرا.

❊Avesta Khapour, a female Kurdish freedom fighter, was martyred by Turkish forces on January 28th, 2018 in Afrin.

خۆشەویستیت
سرودێکە، کلیلی نۆتەی گوڵئەستێرەکان
لەمل ئەکات!
ئیتر بۆ ئاوازەکان بژەنم...؟
کەوایە ڕەوایە؛
ڕووپەڕی هەموو نۆتەکان بدڕێنم و
ئیتر هەر بێدەنگ بم، بۆ هەتاهەتایە!



your love is like a song
adorned with
the music notes of beauty

I need no other melodies,
therefore,
I am tearing up all the notes
and I remain quiet forever!



نازانم بۆ فڕینم فریووی نیشتنەوەی خواردا!
لە یادم نییە،
بۆ ڕەهێڵەی نووکە نەشتەر بەسەر مندا باری و
نازانم بۆ ژووری تریەکانی دڵم ڕمان؟
لە یادم نییە
بۆ چاوەکانم هەڵوەرینە ناو سەرابەکانی مردنەوە و
بۆ ئاوا وەکو مەملەکەتی عەدەم کەڕولاڵ بووم!
هیچ لەسەر خەیاڵ نییم،
نازانم بۆ سەعاتەکانی ڕۆژگارم وردوخاش بوون،
بۆ گڤەی ئەو شارە خونچەکانی پێش وەخت هەڵوەراندم!
نازانم بۆ؟
مەگەر خەیاڵم ئاسمانی ئازار و ئاسۆی دووری و
چاوانم پەروانەی نهێنیی شەو نییە؟!
نازانم بۆ؟
نازانم
نا...!

I don't know why
after sailing through the skies
I have unlearned
how to descend

I am assailed
by a hail of arrows
Why is my heart
torn asunder?

Why do my eyes see only
a mirage of delusions?
Why do I turn mute and deaf
in this realm of nothingness?

I see days of my life
lapse in vain
Even the slightest of a breeze
dissipates all my flowers



I don't know why my life has been an
ever-towering pain
under a gloomy black sky

My eyes are but a well of tears
My heart is but a blazing fire

My beloved maiden!
Don't let them drown or burn you

Do not let your eternal tears
turn your life
into a mirage of an arid desert

هەمە لەناو چاوەکانما؛ تاڤگەی ئەسرین
لەناو دڵما؛ بڵێسەی ئاگرین
ئەی یاری پڕ لە تەم، پڕ لە برین!
- بۆ ئەتەوێ تا هەجەل بخنکێیت و بسووتێیت،
ببیتە سەرابی سەحرا بۆ فرمێسکی ئەبەدییت!



من بە تەنها هەر ئەو دەمانە
بیری تۆ دەکەم
کە هەناسە دەدەم!

Only the moments I
breathe,
I am thinking of you



خۆزیا هەرچی کاتژمێری،
ئەم ژیانە سەرەولێژەیە بمگەڕانایەتەوە
بۆ ئەوەی زووتر تۆم بدیایە و
دوورودرێژتر خۆشم بویستیتایە!



I wish I could turn back all the clocks
of this fleeting life
so I would meet you earlier
and love you ever longer!



لە کۆتاییدا
هەر هەموومان بە ڕەتای تەنیایی
ئەمرین!



In the end
we all perish
from the scourge of
loneliness

هاوڕێکەم!
ڕێگا مەحاڵەکان
هیوا دوورودرێژەکان
هەر بە «خەون» نزیك دەبنەوە؛
کەچی منی بەدبەخت
خەوم لێ زڕاوە،
خەوم نایە!

O, companion
the improbable roads,
the lingering hopes,
only in dreams do they visit,
but, alas! so luckless,
I am forever wide awake



ئەمشەو ئەستێرەکان بە زریوەترن
بڵێی یار بە دزیوە سەیری نەکردبن؟



Tonight, the stars are brighter,
perhaps my beloved
secretly cast a glance at them





Unwrap your flowery scarf
lest the rose gardens,
longing for a vibrant spring,
be enamored of you

ملپێچە گوڵگوڵیەکەت لە گەردن مەبەستە!
باخەکان بە خەیاڵی بەهارێکی شێتەوە
عاشقت دەبن!

ببوره ئازادیی!
تۆ هەر هاوار ئەکەیت و
کەچی ئێمە تێتناگەین!

Forgive us, Freedom!
you keep calling out to us,
and we are being oblivious



پێشان گوێم
بۆ هیچ مۆسیقایەك ڕانەدەگرت،
هەتا هەموو ئاوازەکان
نەبوون بە تۆ!
دوایی تێگەیشتم؛
گشت گۆرانییە دڵشکاوەکان
چەندە جوانن،
چەندە ڕاستن
هەموو!



I used not to listen to any music,
until all melodies became you
only then,
I saw the beauty
and the truth of love songs

ڕۆشتن...هەنگاوێکی سانایە...
چوون فڕێدانی کاڕی خەمێکی پاییز وایە!
بەڵام، لە بیرکردن سەختە...
چوون مانەوەی ترسی سارد و
سەرەتای جودایی کزەبا و
گەڵا کەوتووەکان وایە!

How easy
our parting of the ways appeared
like autumn trees
shedding their leaves

But how arduous it is,
to cosign your memories
to oblivion
like separating a breeze
from the fallen leaves

Embraces do not cease
because love has died
rather, love dies
from the dearth of embraces!

له ئامێزگرتنەکان کۆتایی نایەن
هەر لەبەرئەوەی خۆشەویستیی دەمرێت!
نا...نا
خۆشەویستی نامێنێ
کاتێک لە ئامێزگرتنەکان ئەمرن!



زریوەی چاوە شینەکانی تۆ تەواو نابێ
هەتاکوو ئیشق بمێنێ،
ئیشقیش نامرێ
هەتا چاوە شینەکانی تۆ بمێنێ!



The sparkling of your blue eyes never ends
as long as love endures

And love will never perish
as long as your blue eyes glimmer!







The courier
is exhausted
and heart broken
from the warmth of
my myriad letters
despite her silence
and shunning

تەتەرەکە ماندوو ماندوو،
شەکەت و دڵشکاو
لە ساردوسڕی و بێ خەبەری ئەو!
لە گەرموگوڕی و نامە زۆرەکانی من!



هەتا تۆ دێیت
ئێمە ئەبین بەو گەڵا کەوتوانەی
لە بەردەمی گژەبایەکی پاییزدا
لە چاوەڕوانیی هاتنی تۆدا،
هەموو لە پێشبڕکێداین بۆ دانانی
دوا ئەستێرەی ڕەنگ زیوینی تەم
بۆ سەرشانی
ژەنەڕاڵەکەی پاییزی عەدەم!

❋محەمەد عومەر عوسمان: ناسراوە بە ژەنەراڵی پاییز ١٩٥٧-٢٠١٩, شاعیرێکی نوێخواز و ناسراو بوو، لە سلێمانیی لە دایك بووە.
لە ٢٢/١٠/٢٠١٩ لە ماڵەکەی خۆیدا بە خنکاوی دۆزرایەوە، ئاماژەکان دەریدەخەن کە مردنەکەی کارەساتێکی خۆکوژی بووە.

❋Mohammad Omer Othman, aka General of the Fall, 1957.07.01-2019.10.22, was renounced new age poet born in Suleimany and was found dead by asphyxiation in his own house. It was ruled as suicide.





Until your arrival,
we are those fallen leaves,
in the blistering wind of autumn
Awaiting your arrival,
we are all hastily competing
to adorn your shoulders
with silver stars,
you,
the forsaken *General of Autumn

هەرچی ڕۆژ و مانگ وساڵە
بێت و بڕوات
من هەر لەو چرکەساتەدا دەژیم
کە تۆ وتت؛
"خۆشتم گەرەکە"!
ئێستا دوای ئاوابوونی
هەموو خۆرەکان
نە باخی حەسارەکە گوڵ ئەگرێ و
نە دارەکان سێو!
نە من و نە "کتکە ڕەش"
دێینەوە بەر پەنجەرە و
نە تۆیش بۆ دیدەنیمان
درەنگانێ دێیتەوە ژوور...



Days may pass into months,
months may pass into years,
but I will always be living
in that very moment
when you declared your love!

Now, after all these sunsets
neither the gardens
nor the apple trees of my yard
blossom

neither I nor the black kitten
are coming to the window
 awaiting
your late coming home!

باوکم لە وەرزی باران بڕاندا
مرد
کەچی نیوەشەو
ئاسمان
نمە نمە گریا!



My father
died in a drought season
yet, by midnight
the sky was weeping
a drizzle of tears!

مانگی مارس لای ئێمە
تەنها یەك ڕۆژ لێرەیە
ئەویش شانزەی سێیە!

The month of March
in my homeland
is reduced only to one day
That is, the*sixteenth of
the month

※16th of march 1988, the day the massacre of kurdish people took place in the kurdish city of Halabja that was bombed by chemical gas by the iraqi regime.

I could be a white butterfly of autumn
walk up and down before you
Notwithstanding my name,
I could become an eagle
and glide over your highest of hopes
if you only promise
not to become my prison or my cage



ئەتوانم ببم،
بە پەپوولە پاییزەی سپی و
بە بەردەمتا بێم و بچم
ئەتوانم جگە لە ناوەکەم
ببم بە "هەڵۆ" و بەسەر لوتکەی
هیواکانتەوە لەنگەر بگرم
بەو مەرجەی بەڵێن بدەی،
کە نەبی بە زیندان و بە قەفەسم!





Was darkness a bygone light
but now acrimonious?
Is death merely life
but more just?

ئایا تاریکییش هەر ڕووناکیی بووە؟
بەڵام ئێستا دڵڕەقتر؟
ئایا مردنیش هەر ژیانە
بەڵام تۆزێ دادپەروەرانەتر؟



Three parts of our motherland,
awaited
in eager anticipation,
the fourth part
to deliver an offspring
for our future
alas, it was stillborn!

لە سێ پارچەی نیشتماندا چاوەڕوانی،
لە چوارەمدا منداڵێك بۆ داهاتوو لە دایك دەبێ
بەڵام بە مردوویی!



لە بۆنی قاڕچکێکی ژەهراوییدا
بۆنێ سێوە سەوزەکانی
دارەستانەکەی هاوسێمان
دەکەمەوە!

The bouquet of the poisonous mushrooms*
reminded me
of the green apples' aroma
of our neighboring forest

---

*In 1988, Saddam Hussein›s army attacked the Kurdish city of Halabja with chemical gas, including mustard gas, sarin, cyanide and tabun. Survivors from Halabja say the gas smelled sweet like apples.



I make the sun my bed,
the night my blanket,
at the feet of my mother

ڕۆژ ڕادەخەم
شەو ئەدەم بەخۆمدا
لە دامێنی پێیەکانی دایکمدا!

تیشکی خۆر، تریفەی مانگ،
زریوەی ئەستێرەکان
ملوانکەی ڕەلکەزێڕینەن لە ملی ئاسماندا!



The dazzling sun,
the luminous moon,
and sparkling stars
like a rainbow adorn the sky
with a necklace

loneliness
is line-dried on my fantasy
come and claim it!

هەڵواسراوە بە تەنافی خەیاڵمەوە، تەنیایی!
ووشك بۆتەوە،
وەرە لێیکەرەوە!



لێرە
لە ژێر سێبەری
گەڵای گوڵەبەڕۆژەکان
بە تەنها هەر گوڵە سووتاوەکان
دەڕوێن!



Here,
in the shade
of sunflower leaves,
nothing blooms
but withered flowers

کەس قومێ ئاو ناکات
بە دەمی ئاوێکی تینووەوە!



No one cares to give water
a sip
to quench its thirst

ئەنگۆرەی پاییز
مانای گەڕان بەدوای
کلارنێتە ڕەشەکەی*ڕێهات دا
بەڵام بە تۆنێکی مردوو نا!

---

❊ڕێهات عەزیز: ١٣/٢/٢٠٠٠- ١٢/١٢/٢٠١٨، هونەرمەندێکی لاوی کلارنێت ژەنی بە توانا بوو، لە سلێمانیی لە دایك بووە.
بەکارەساتێکی دڵتەزێن بە تەمەنێکی کەمەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و بە ناکامی سەری نایەوە.

❊Rehat Aziz, 2000.02.13 -2018.12.12, was a young award-winning clarinet player, from Suliemany, took his own life.

The autumn dusk
is searching for the
black clarinet of *“Rehat “
but not in a mortal tune



ئەو سەفەرە کورت بوو،
کورتر لە خەونی شاعیرێکی تەنیا و
کورتر لە خەونی دڵۆپە بارانێکی
بەر هەتاوی گوورگەزێ
زۆر کورتر لە ماچی نێوان*ئادان و تۆی
شاعیرەکەی پارکی ئازادیی نیشتمانێ!
- بابە شێرکۆ گیان!
بەڵام ئێمە لە خەونی دڵۆپە باراندا بۆ تۆ ئەژین و
لە ماچی "ئادان"یشدا شانازییەکی ئەبەدیین!.

* ئادان: بچوکترین نەوەی شێرکۆ بێکەسە و کوڕی خوشکە بچووکەکەمە

*Adan, the youngest grandchild of Sherko Bekas, my younger sister’s son.

**Azadi park is the resting place of my Father, Sherko Bekas.

the dream of a lonely poet

shorter than the dream of a raindrop
under the blaze of sunshine

shorter than your kisses of Aadan*
and the great poet of Azadi park**,
our beloved father, Sherko

We will be living in the dreams embedded
in that raindrop
and in those kisses of Aadan
lies our eternal pride.



After the brook was razed
and the air was poisoned,
the water of the creek,
meandered back
to the mountain,
in protest!

دوای خنکانی ڕیزێ زنە
دوای ڕەق بوونی هەواکە
دڵۆپ دڵۆپی ئاوی کانییەکە
گەڕایەوە ناو دەراڵی چیاکە!

ئەیەوێ نەمرم
بۆئەوەی بە عیشقی خۆی
بمکوژێ!



She wants me alive
so that in the end
her own love
annihilates me!

At dusk,
the sun sets in the sea
to cleanse itself
and wash away sins,
so, it rises anew
in purity

هەموو شەوێك
خۆر ڕۆئەچێتە ناو زەریاكانەوە
بۆ ئەوەی لەوێدا وسڵی گوناحەكانی
ئەو ڕۆژەی خۆی بشواتەوە،
تاكوو بەیانی جارێكیتر
بە پاكیی و نوێژیی هەڵبێتەوە!

Behold the splendor of autumn,
Here, the foliage has died down,
Over there, we glimpse the gardens
in a new beauty

ڕاییزەنیگا،
لەملاوە هەڵوەرین و مردنی بە کۆمەڵی گەڵاکان،
لەولاوە کرانەوەی ڕوانگەی جوانیی باخەکان!



قاوەیەك بۆ تەنیاییت تێدەکەیت
شێرزەییت کوپە مۆنەکە ئەڕژێنێت
بێزاریت هەڵئەسێ قاوە و شیعرەکە
پێکەوە لەسەر کاغەزەکەی
بەردەمت ئەسڕێتەوە!



Lonely, and bewildered,
I spilled my coffee
Boredom rose
to wipe the poem
off the parchment before me



ئەگەر هەموو جارێك
ئەستێرەیەك لە ئاسماندا داگیرسایە،
بۆ ئەو دەمانەی کە یادی تۆم لە دڵدایە؛
دڵنیام ئێستا شەو لە ڕۆژ ڕووناکتر بووایە!

If for every moment
I think of you,
a star shines,
the night sky would be brighter
than the day

ئەی شاعیرانی وولاتم!
ئێوە خەمنووسن!
بۆ نووسینەوەی زریکەی شەپۆلی زەریا و
ڕاکشانی خونچەیەکی پێشوەخت هەڵوەریووی کەنار زەریا،
"*ئایلان"ت بەسە!
بۆ نووسینەوەی مێژوویەکی دوورودرێژی
ئەنگوستەچاو
تەنها یەك تۆز لمی ژێر پێی
"ئایلان"ت لە بەحری ئیجە هەبێ...تۆ بەستە!



*ئایلان:(سەرچاوە ئینگلیزییەکان دەڵێن ئالان کوردیی) منداڵێکی تەمەن سێ ساڵان بوو بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر بە خێزانەوە کۆچیان بۆ ئەوروپا کرد، بەڵام لەگەڵ خێزانەکەیدا لە دەریای ئیجەدا خنکا و تەرمەکەی لە ڕۆخی کەنار دەریاکەدا لە ٢/٩/٢٠١٥ دۆزرایەوە و چاوی کامێراکانی دونیا وەکو تراژیدایەکی گەورەی مرۆیی وێنایان کرد.

*Ailan Kurdi, born Alan Shenu (was initially reported as Aylan Kurdi), was three years old when he drowned in Aegean Sea off the coast of Turkey while on route to safety in Europe with his family. Alan died on September 2nd, 2015. His image became one of the most recognizable photos of the plight of the Syrians and migrants in general.

O the poets of my country!
You, narrators of sorrows,

When you write of
the billowing of the waves,
or the scattered petals of
blossoming flowers
along the shores of the sea–

Write the story
of a few grains of sand
under the little feet of Aaylan*
admixed with the waters of the
Aegean Sea,
It suffices to narrate the longest
and the darkest history
of this nation

- سێبەری شێری سەر پەردە سپییەکانمان،
- ئەوە پشیلەیە لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکانمان!



The image of the lion
behind the white curtain,
is in reality
the silhouette
of a cat
in the light

Translated by: Shirwan Mirza, MD
Dr. Mirza is Halo's uncle who lives and practices medicine in the United States. He also translated and published an anthology of the poems of Sherko Bekas in both German (Geheimnisse der Nacht pflücken) and English (The Secret Diary of a Rose)

An anthology of these poems was published in the:
International Haiku Poetry Magazine
Japan - 2021

# I wish my father saw these poems!

Poster poems by: Halo Sherko Bekas